# سێکسیسزم  لە زمانی کوردیدا

پ. ی.د. قەیس کاکل تۆفیق
زانکۆی سۆران
فاکەلتیی ئاداب
بەشی کوردی

**١: پێشەکی.**

**١. ١: ناونیشانی لێکۆڵینەوە.**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (سێکسیزم لە زمانی کوردیدا) یە، زاراوەی سێکسیزم  بۆ ئەو زمانانە بەکاردێن، کە بە شێوەیەکی نەرێنی باس لە ڕەگەزێك دەکات و ڕەگەزەکەی تر بەرزتر دەنرخێنێت، بە تایبەتیش ڕەگەزی مێینە بە شێوەیەکی نزمتر سەیر دەکات و جیای دەکاتەوە لە ڕەگەزی نێر. ئەوەش دەبێتە هۆی بەرهەمهێنان و درێژە پێدەری باوکسالاری. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات شوێنی زمانی کوردی لە نێوان هاوکێشەی سێکسیزم و بێلایەنیدا دیار بکات.

**١. ٢: گرفتی لێکۆڵینەوەکە.**

کۆمەڵێ نوسین و بەرهەمی ئەکادیمی هەوڵی ئەوەیان داوە، کە بیسەلمێنن زمانی کوردی هەژمونی بەشێوەیەك لەسەر جێندەر کردووە، کە بۆتە هۆی بەرهەمهێنانی توندو تیژی. یان زمانی کوردی وا پەسن دەکرێت، کە بەرهەمهێنەری ئەو توندوتیژییە جێندەریەیە، ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ئاراستەی پێچەوانە کاردەکات، دەیەوێ ئەم ئەنجامانەی کە لێکۆڵینەوەکانی تر پێی گەیشتوون پاسادان بکات. لایەنی یەکسانیی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە لە زماندا بخاتەڕوو.

**١. ٣: گریمانە.**

ئەم لێکۆڵینەوەیە گریمانەی ئەوەدەکات، کە یەکسانیی جێندەری لە زمانی کوردیدا پانتاییەکی فراوانی داگیر کردووە. زمانی کوردی زمانێکی سێکسیت نییە.

**١. ٤: پرسیاری لێکۆڵینەوەکە.**

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە:

١- ئایا جیاوازیی ڕەگەزی لە زمانی کوردیدا لە چ ئاستێك دایە و چ پانتاییەك لە زمانەکەدا داگیر دەکات؟

٢- ئایا هەژموونی زمانە بۆتە بەرهەمهێنەری ئەو توندوتیژییەی کە لە کۆمەڵدا بەدی دەکرێت؟

٣- جیهانبینی یان جیاوازیی جێندەری کۆمەڵی کوردیی لە زمانەکەیدا چۆن ڕەنگی داوەتەوە؟

**١. ٥: سنووری لێکۆڵینەوەکە.**

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندیی زمان و جێندەر بە شێوەیەکی گشتی لە چوار ئاستدا دەکرێت و جیاوازیی نێوان زمانی نێر و مێ لە چوار بواردا دەردەکەوێت، کە بریتین لە دەنگسازی، ڕێزمان، واتاسازی و شێواز. ئەم لێکۆڵینەوەیە تەنیا لە هەردوو ئاستی ڕێزمان و واتاسازی کار لەسەر کەرستەی خاو دەکات.

له واتاسازیشدا تەنیا جەخت له واتای لێکسیمی دانه فەرهەنگییەکان دەکات. لایەنی ئیدیۆم و واتای ڕسته و میتافۆر به بەرچاوەوه ناگرێت.

**١. ٦: ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵینەوەیەدا پشت به ڕێبازی شیکاریی وەسفی(descriptive analysis) دەبەستین. کەرستەی خاوی پەیوەنددار به جیاوازیی جێندەری، یەکەکه دەخرێتەڕوو و شیکردنەوەی بۆ دەکرێت.

**١. ٧: کەرستەی خاوی لێکۆڵینەوەکە:**

کەرستەی خاوی لێکۆڵینەوەکه زمانی ستانداردی کوردیی ناوەڕاسته هەموو ئەو کەرستانه له مۆرفیم و لێکسیم تا دەگاته ڕۆنانی ڕسته، که پەیوەندییان به جیاوازیی جێندەری هەیه کەرستەی خاوی ئەم لێکۆڵینەوەیەن.

**٢. زاراوەی جێندەر**

به پەسەندمان زانی، که زاراوەی جێندەر وەکو خۆی بەکاربێنین، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی زاراوەیەکی جیهانییه و بلاّوبۆتەوه، بەڵکو له سەرێکی تریشەوه سەرچاوەکەی بۆ زمانه ئێرانییه کۆنەکان دەگەڕێتەوه و کوردیش وەك یەکێك له زمانه ئێرانییەکان دەشێت به میراتی خۆی بزانێت. وشەی جێندەر (gender) له وشه لاتینی جینیۆس ( genos)ەوه هاتووه (حکمت یونس محمد،٢٠٠٧، ٣٥). سەرچاوەی وشەکه (Gean) ی هیندۆ ئەوروپییه، له پەهلەویدا بووه به گان (Gan) (جمال ڕشید، ٢٠٠٥، ٢١)، له کوردیشدا جگه له واتای پەیوەندیی سێکسی واتای ڕۆحیش دەبەخشێت، که ڕۆحیش هەر لەو پەیوەندییه سێکسەوه دێت. وشەی گان (gan) یان (Gen) له کۆندا دوو واتای بەخشیوه: یەکەمیان ئەندام بوون یان ئینتیما بۆ هۆز و عەشیرەت و واتای دووەمیشیان چەمکی پەیوەندیی سێکسیی گەیاندووه. ئەو وشەیه له زمانی یۆنانیدا پاشگری ناوی (os)ی وەرگرتووه، له زمانی یۆنانیدا پاشگری (os) بۆ ناوەکان زیاد دەکرا، بۆیه بووه به ( genos) هەر وەکو ناوی (دارا) لای یۆنانییەکان بووه به (داریوس)، ڕۆمانەکانیش کردوویانه به (gens) ئیتر ئەم وشەیه چۆته ناو زمانی عەرەبی و به (جنس) بەکاریان هێناوه، که هەمان دوو واتای تیدا پارێزراوه. واتا پابەندبوون به هۆز و عەشیرەت وەك له وشەکانی: (جنسیه) و (تجنس). که دەوترێت جنسیەی عێراقی واتا ئەندامبوون یان ئینتیما بۆ هۆزی یان گروپی عیراقییەکان. واتای دووەمیش که سێکسه له وشەکەدا هەر ماوه. له زمانی کوردیدا ئەم وشەیه تا ئیستا به هەردوو واتا ماوه و بەکاردێت (گان) به واتا سێکسیەکەی باوه، بەلاّم له بەر هۆکاری تابۆ و دابو نەریت واتای پابەندبوون یان ئەندامبوون له هۆزی ون کردووه تەنیا له وشەی (بێگانه) دا ماوەتەوه که به واتای بیّ ئینتیما دێت. هەرچەنده وشەی جێندەر گۆڕانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیی زۆری بەسەردا هاتووه به شێوەك که به تەواوی له وشه کوردیەکه (گان) دوورکەوتۆتەوه تەنانەت نوسینی به پیتی (ج) له جیاتی (گ) زیاتر بارەکەی تەمومژاوی کردووه. وشەی جێندەر و جینۆم له وشه لاتینییەکه (جینیۆس)ەوه هاتووه. (حکمت یونس محمد،٢٠٠٧، ٣٥)، له کوردیشدا به پێویستمان زانی هەر هەمان زاراوه بەکاربهینینەوه.

**٣. بواری زمان و جێندەر.**

بابەتی جێندەر له زماندا له هەموو ئاستەکاندا بەدی دەکرێت. جیاوازیی ڕەگەزی نێر و میّ به شێوەیەکی گشتی له سەرلەبەری زماندا بوونی هەیه. وەك:

١- ئاستی فۆنەتییك. ئەو لێکۆڵینەوانەی لە زمانەکانی تر لە بارەی فۆنەتیکی درکاندن لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا کراون دەریان خستووە، کە ئەم دوو ڕەگەزە جیاوازن.

٢- ئاستی فۆنۆلۆژی. کۆمەڵێك لێکۆڵینەوە ئەوە دەردەخەن، کە جیاوازیی لە دەنگسازی لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێدا هەیە. بۆ نموونە لە ڕووی ئاوازە (محمد معروف فتاح، ٢٠١٠، ١٠١)، ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو جیاوازییانەی هەیە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا تەنیا لە ئاوازە و بوونی هەندێ ئەلۆفۆندا بەدی دەکرێت. جیاوازیەکە بە شێوەیەك نییە کە سیستەمی ڕۆنانی فۆنیم و لێکدانی فۆنیمەکان بگرێتەوە. بەڵکو درکاندن یان دەربڕینی هەندێ فۆنیمە بە شێوەی جیاواز.

٣- ئاستی وشەسازی. لە هەندێ زماندا لە ئاستی وشەسازیدا نێرو مێ دەردەکەوێت، بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا دۆخی مێ لە ناو و ژمارە ...هتد پاشگری /ە/ی بۆ زیاد دەکرێت، هەروها لە زۆربەی زمانە هیندۆئەورووپییەکاندا جیاوازیی نێوان هەردوو ڕەگەز لە ئاستی وشەسازیدا دەردەکەوێت (حکمت یونس محمد،٢٠٠٧، ٣٧). سەرەڕای ئەوەش جیاوازیی لە ناونانی نێرینەوە و مێینەدا جیاوازە. ئەمە جگە لەوەی کۆکردنەوە و جێناوەکانیش لە هەندێ زماندا لە نێوان نێر و مێدا جیاوازن. وەك لە عەرەبیدا (جمع مذکر سالم) بۆ نێر و (جمع مؤنپ سالم) بۆ مێ . هەرووەها جێناوەکانی ( he بۆ نێر و she بۆ مێ لە ئینگلیزیدا ) ئەم جیاوازییە جێندەرییە نیشان دەدەن.

٤- ئاستی ڕستەسازی، لە سینتاکسیشدا جیاوازیی جێندەری بەدی دەکرێت، بۆ نموونە دۆخی خستنەسەر لە کرمانجی ژووروو نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بارەیە (حکمت یونس محمد،٢٠٠٧، ٧٠).

٥- ئاستی سیمانتیك. سیمانتیك لە دوو بواردا لە واتا دەکۆڵێتەوە، واتای وشە و واتای ڕستە، سەرەڕای ئەوەش ئیدیۆم و میتافۆر دەچنە کایەی سیمانتیك. لەم ئاستەشدا جیاوازیی جێندەری بەدی دەکرێت.

٦- ئاستی پراگماتیك. دەق ئاساتێکی ڕۆنانی نییە، بەڵکو بە پێی بۆچوونی کەسی و کولتوور دەبێتە ئاوێنەیەکی ڕاستەوخۆی بۆچوونی نوسەر بۆیە ڕەنگدانەوەی جێندەر لەم ئاستەدا زیاتر بەدی دەکرێت.

لەم شەش ئاستەی سەرەوەدا سێ ئاستی (فۆنۆلۆژی، وشەسازی و ڕستەسازی) بە ئاستی سەرەکی دادەنرێن. لەبەر ئەوەی ئەم سێ ئاستە بە ڕۆنان (structure) ی زمان دادەنرێن، ئەو سێ ئاستەن کە زمان پێکدەهێنن و بە پێکهێنەری زمان دادەنرێن، بەڵام ئاستەکانی فۆنەتیك و واتاسازی و پراگماتیك (دەق)، بە ئاستی لاوەکی دادەنرێن بەشێك نیین لە پێکهێنەری یان ڕۆنانی زمان.

## ٤. زمان و جێندەر

زمانە هیندۆئەورووپییەکان لە ڕووی بەکارهێنانی جێندەرەوە بە شێوەیەکی گشتی دەکرێن بە دوو گرووپ:

٤. ١. زمانە سێ ڕەگەزیەکان. ئەو زمانانەن کە سێ ڕەگەز جیادەکەنەوە. کە ئەوانیش بریتین لە ڕەگەزی نێر(masculine gender) و ڕەگەزی مێ (feminine gender) و ڕەگەزی بێلایەن( neutral Gender). وەك زمانەکانی: ڕووسی، ئەڵمانی، ئینگلیزیی کۆن.

٤. ٢. زمانە دوو ڕەگەزیەکان. ئەو زمانانەن کە ڕەگەزی بێلایەنی تێدا نەماوە تەنیا نێر و مێ بەکاردێنن. وەك زمانەکانی: فەرەنسی، ئیسپانی، ئیتاڵی، دیالێکتی کوردیی باکوور (حکمت یونس محمد،٢٠٠٧، ٣٧) کوردی، وەك هەموو زمانەکانی تر جیاوازیی کردووە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا. ئەوەشیان

دیاردەیەکی سروشتییەو لەهەموو زمانێکدا دەکرێت هەبێت. ئەوانەی لە بواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتی بە تایبەتیش ئەوانەی لەسەر جێندەر و زمان کاردەکەن، زۆرتر لەسەر جیاوازییەکان کار دەکەن چەمکێکی قوڵتر بە جیاوازییەکان دەبەخشن، مەودای نێوان نێر و مێ دوورتر نیشان دەدەن لەوەی کە بەدی دەکرێت. لەم لێکۆڵینەوەیدا هەوڵدەدەین ئەوە بخەینەڕوو کە زمانی کوردیی ناوەڕاست جیاوازیی جێندەری تێدا نەماوە و بەر ئەم دوو پۆلینە ناکەوێت.

## ٥. جیاوازیی سێکسیزم و جێندەر

لە زماندا زاراوەی سێکس و جێندەر و سێکسیسزم بەکاردێت. سێکس پێکهاتەیەکی فسیۆلۆژی و نەگۆڕە لە هەموو کۆمەڵ و کولتوورەکاندا یەکسانە بە پێی گۆڕانی کات ناگۆڕێت و وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام جێندەر ئەوجیاوازییە کولتووریەی نێوان نێر و مێیە کە بەرهەمی بیری کۆمەڵە (کرستین نوردنستام، ٢٠٠٩، ٣٩). جیاوازیی جێندەری بە پێی کۆمەڵ و بە پێی کات گۆڕانی بەسەرداد ێت. دەشێت لە کۆمەڵێك بۆ کۆمەڵێکی تر جیاواز بێت، هەروەها لە هەمان کۆمەڵ لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بگۆڕێت. سێکسیسزم، ئەو جیاوازییە دەگرێتەوە، کە ڕەگەزی مێینە بە چاوی کەمتر سەیربکرێت، پایەیەکی کەمی پێ بدرێت.

## ٦. جیاوازیی لێکسیمی:

هەر نەتەوەیەك بە پێی ئەو بارە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی تێیدا دەژی، وشە بۆ کەرستە مادی و مەعنەویەکانی دەورووبەری خۆی دروست دەکات. دەشێت جیاوازیی وشەی زمانێك لە بوارێکی دیاریکراودا لە زمانێکی تر زیاتر بێت. بۆ نموونە لە کوردیدا وشەکانی (بەفر، تەزرە، کرێوە، شرێوە، زریان) پێنج وشەن لە کێڵگەی بارینی بەفر، بەڵام لە عەرەبیدا تەنیا یەك وشە ئەو بوارە داگیر دەکات، کە ئەویش وشەی (ثلج)ە. بۆیە دەبینین بە پێی ئەو ژینگەیەی کە کورد تێیدا دەژی لەبەر ئەوەی دیاردەی بەفر بارینی تێدا زۆرترە، بە بەراورد لەگەڵ عەرەب، بێگومان وشەشی بە پێی پێداویستییەکانی خۆی زۆرتر بۆ داهێناوە.

لەم ڕوانگەیەوە دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین، کە پێداویستیی کۆمەڵایەتی و ژیانی مادی و کولتووری ئەوە دەسەپێنێت، کە لە زماندا کۆمەڵێك وشە و لێکسیمی وەك: (کچ و کوڕ، ژن و پیاو، بوك و زاوا، خەسوو و خەزوور.....هتد) بۆ جیاکردنەوەی ناونراوەکان هەبن. ئەم دیاردەی جیاکردنەوەی نێر و مێ پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە و لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە. نەبوونی ئەم وشانە لە زماندا دیاردەیەکی ئاسایی نییە، ئەو وشانە واتای بێلایەن ( neutral) دەبەخشن و چەمکی سێکسیزمیان تێدا نییە. بە بڕوای ئێمە ئەوەی سێکسیزم لە زمانی کوردیدا دروست دەکات بوونی لێکسیم یان واتا فەرهەنگییەکان نیین، بەڵکو زیاتر واتای بارکراوی یان واتای نەرێیی کۆمەڵایەتیی وشەکانن، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی بیری جیاواز بەرامبەر بە جێندەر.

## ٧. واتای بارکراو :

زۆربەی وشەکان لە زماندا، جگە لەو واتایەی، کە لە فەرهەنگدا بۆیان دیاری کراوە، بە هەندێ واتای لاوەکیی تر باردەکرێن(محمد معروف فتاح، ١٩٩٠، ١٥٨). ئەو واتایانەش دەشێت واتای کۆمەڵایەتی یان دەروونی یان سیاسی...هتد بن. بۆ نموونە وشەکانی ( قوتابی، خوێندکار، فێرخواز...هتد) لە فەرهەنگدا یەکسانن و هەموویان بۆ ئەو کەسە بەکاردێن کە لە قۆناغێکی دیاریکراوی تەمەندایەو لە دەزگایەکی

فێرکردندا دەخوێنێ، بەڵام لە ڕووی بەکارهێنان و واتای بارکراو ئەم وشانە یەکسان نین، لەبەر ئەوەی واتای سیاسیی جیاوازیان هەیە. نموونەی تر بۆ ئەم دیاردەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە وشەکانی (قەلە ڕەش و کوندەبەبۆ واتای بەدیۆمی و شوومی دەگەیەنن، ڕێوی واتای فێڵبازی و شێر ئازایەتی، کەر واتای دەبەنگی و بێ ئەقڵی دەگەینێت.) هەر بۆ نموونە بە کەسێك بگوترێت (کەر) وەك سووکایەتی و جوێن لێکیدەداتەوە، بەڵام پێی بوترێت (شێر) ئەوا شانازی پێوە دەکات. لەکاتێکدا هەردووکیان ئاژەڵن. خودی وشەی (ئاژەڵ)یش واتایەکی بارکراوی نەرێیی هەیە، تەنانەت ئەگەر پێشی بگوترێت ئاژەڵ ئەوا هەمان لێکدانەوەی نەرێنی لەلای دروست دەبێت.

وشەکانی زمان، ئەگەر لە ڕووی واتای فەرهەنگییەوە بێلایەن بن، ئەوا لە ڕووی واتای بارکراوەوە بێلایەن نین و دەشێت ئەو واتا زیادەیەی کە دەیبەخشن لێکدانەوەی نێگەتیف یان پۆزەتیڤی بە پێی کۆنتێکستی بەکارهێنانی بۆ بکرێت. یان ڕەهەندێکی تری جیاواز لە واتای فەرهەنگییەکە بدات بە دەستەوە. با لە واتای بارکراوی وشەی (پێغەمبەر) ورد بینەوە. ئەم وشەیە لە ڕووی واتای فەرهەنگییەوە لەگەڵ وشەی (رسول)ی عەرەبی هاوواتایە. لە هەردوو لایەنی فەرهەنگی و ئاینییەوە، لە لایەنی فەرهەنگی تەنانەت لە ڕووی مۆرفۆلۆژیشەوە زۆر لەیەك نزیکن. پێغەمبەر لە (پەیغام+بەر) داتاشراوە و پەیغام لە کوردیی ئێستادا بووە بە پەیام و دەنگی /غ/ کەوتووە، واتە ئەو کەسەی کە پەیام دەبات. بە هەمان شێوە وشەی (رسول) لە (رسل) داتاشراوە، کە هەمان چەمك دەگەینن. وەك زاراوەیەکی ئاینیش هەردوو وشە بۆ ئەو کەسە بەکاردێن، کە پەیامێکی ئاسمانی لە خواوە بۆ مرۆڤ هێناوە. تا ئێرە وشەکان هاوواتان، بەڵام لە واتای کۆمەڵایەتیدا وشەکان لەیەکتری جیادەبنەوە. لەبەر ئەوەی لە کۆمەڵی کوردیدا ئاساییە منداڵ بە ناوی ڕەسول ناو بنرێت، بەڵام ناشێت ناو بنرێت پێغەمەبەر. ئەگەر بەو ناوەش ناو بنرێت، ئەوا بە ئاسایی لە کۆمەڵدا وەرناگیرێت. پلەی پیرۆزیی وشەی پێغەمبەر لە کوردیدا زۆر زیاترە لە وشەی ڕەسول. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت، کە واتای بارکراو یان واتای کۆمەڵایەتییان یەکسان نییە. هەمان ئەو چەمکە کۆمەلایەتیەی نییە، کە وشەی ڕەسول هەیەتی. هەرچەندە ئاین قەدەغەی نەکردووە، بەڵام کۆمەلگا یان واتای بارکراوی ئەم وشەیە بۆتە بەربەست لەبەردەم ئەوەی، کە وەك ناوی تاکەکەس بەکاربێت.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە و پەیوەندی بە بابەتی جێندەرەوە هەیە، ئەوەیە کە ئایا واتا بارکراوەکان لە زمانی کوردیدا چەندە چەمکی جیاوازیی جێندەری و توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت تێدایە؟ یان تا چ ڕادەیەك یەکسانی ڕەچاوکردووە و دژی توندوتیژییە؟

## ٨. جێندەر لە زمانی کوردیدا:

ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت بیخەینەڕوو ڕێژەی ئەو جیاوازیانەیە، کە لە دوو ئاستی (ڕێزمان و واتا)دا بەدی دەکرێن. ئەگەرچی لە ئاستی دەنگسازیدا جیاوازیی لە ئاوازە و شێوازی دەربڕینی کەرستەکانی زماندا لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەم جیاوازیانە چەمکی سێکسیزم ناگەیەنن. ئەوەی کە بەندە بە سێکسیزمەوە ئاستی ڕێزمان و ئاستی واتان. یەکەیەکە لە خوارەوە دەیان خەینەڕوو.

**١.٨: ڕێزمان و جێندەر.**

**دەرکەوتنی جێندەر لە ڕێزماندا  لە دوو ئاستدا دەبێت. ئاستی وشەسازی و ئاستی ڕستەسازی.**

A. **ئاستی وشەسازی: جیاوازیی نێر و مێ لەو بارانەدا دەبێت. ناو، ئاوەڵناو، پێشگر و پاشگر، ئامرازەکان، نیشانە، جێناوەکان. ...هتد. لە خوارەوەش یەکە یەکە ڕوونیان دەکەینەوە:**

a. **مۆرفیمی وشەدارێژ:  لە زمانی کوردیدا جیاوازیی جێندەری لە پێشگرو پاشگردا بەدی ناکرێت، بە یەکسانی لە هەموو بارەکاندا بۆ هەردووکیان بەکاردێت. لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی وشەدارێژی تایبەت بە نێر یان مێ نییە. بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێن.**

b. **مۆڕفێمی ڕێزمانی:  مۆڕفێمە ڕێزمانییەکانی وەك: ناسیاری ، نەناسیاری، کۆ، لێکدان ...هتد لە زمانی کوردیدا بۆ هەردوو ڕەگەز بە یەکسانی بەکاردێن. بۆ نموونە لە زمانی فەرەنسیدا ئامرازی ناسیاری بۆ نێر (le)  لە ئەڵمانیش (der)ە و بۆ ڕەگەزی مێ ئامرازی ناسیاری دەگۆڕی  لە فەرەنسی دەبێتە (la) و لە ئەڵمانیش دەبیتە (die) (حکمت یونس محمد،٢٠٠٧، ٤٥).**

c. **جێناوەکان: لە زمانی کوردیدا هەموو جێناوەکان (کەسیی جودا، لکاو، خۆیەتی، نادیار...هتد) بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێن و جیاوازیی ناخاتە نێوانیانەوە (جەمال نەبەز، ١٩٧٦، ٢٧). ئەوەی مایەی سەرنجە لە زۆربەی ئەو زمانانەی کە جیاوازیی جێندەر لەجێناوەکانیاندا نییە، بەڵام کەسی سێیەمی تاك جیاکراونەتەوە. بۆ نموونە لە ئینگلیزی he, she و لە عەرەبی (هو، هی)، بەڵام لە کوردیدا تەنانەت جێناوی کەسی سێیەمی تاکیش  (ئەو) بەیەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێت.**

d. **بەشەکانی ئاخاوتن. لە بەشەکانی ئاخاوتندا لە ئاستی وشەسازیی   وەك ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵکار...هتد  هیچ نیشانەیەکی ڕەگەز لە کوردیی ناوەڕاستدا بەدی ناکرێت. هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بە یەکسانی لە زماندا ڕەنگی داوەتەوە.**

B. **ئاستی ڕستەسازی:**

**یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکانی گۆڕانی زمانی کوردیی ناوەڕاست نەمانی دۆخی نێر و مێیە.لە زۆر زماندا ناو دۆخی هەیە بۆ نموونە لە زمانی لاتینی دۆخی نێر (genus masculine) و دۆخی مێ (genus feminine ) و دۆخی بێلایەن (genus neutral)بە دی دەکرێت. لە زمانی ڕووسی سێ دۆخ و لە زمانی فەرەنسی دوو دۆخی نێرو مێ هەیە ( ئەوڕەحمان حاجی مارف، ١٩٧٩، ١٦٤). لە کوردیی کۆندا دۆخی نێر و مێ هەبووە، ئیستاش لە هەندێ بەشە دیالێکت و گۆڤەردا پاشماوەی دۆخی نێر و مێ ماوە (ك.ك. کوردۆییڤ، ١٩٨٢، ٧٠). بە شێوەیەکی زۆر کەم تەنیا لە حالەتی ئیزافە و بانگکردندا پاشماوەی ئەم جیاوازییە بەدی دەکرێت، بەڵام لە زمانی نوسیندا ئێستا هیچ جیاوازییەکی دۆخی نێر و مێ بەدی ناکرێت. لە هەموو کایەکانی ئاستی ڕستەسازیدا. وەك: ئەرکەکانی لەوانە: بکەری، بەرکاری ...هتد. جیاوازیی لە نێوان نێر و مێدا نەماوە و بەیەکسانی هەردوو ڕەگەزەکە وەکو یەك ئەرك دەبینن. هەروها لە بارەکانی تری وەك بانگکردن و ئیزافە (خستنەسەر)  هەمان یەکسانی ڕەچاو دەکرێت.**

**٨. ٢: سیمانتیك و جێندەر.**

ئاستی سیمانتیك لە واتای وشە و واتای ڕستە دەکۆڵێتەوە، لەم لێکۆڵینەوەدا تەنیا واتای لێکسیمی بەبەرچاو گیراوە. واتای مەجاز و ئیدیەم واتای دانەی لە وشە گەورەتر فەرامۆش کراوە، لەبەر ئەوەی ئەم واتایانە دەچنە چوارچێوەی بەکارهێنان یان شێوازی بەکارهێنانی زمانەوە.

جگە لە ئاستی ڕێزمان، جیاوازیی نێر و مێ لە ئاستی سیمانتیکیشدا بە شێوەی ڕەوانتر بەدی دەکرێت. ئەوەی وادەکات کە چەمکی نەرێیی سێکسیزم دروست بێت زیاتر ئاستی واتایە. تەنانەت ئەم ئاستەش دەتوانێت ببێتە بەرهەمهێنەری جیاکاری سێکسی. جیاوازیی جێندەریی لە ئاستی سیمانیکدا لە خوارەوە دەخەینەڕوو:

**٨ .٢ .١: پەیوەندیی کۆمەلایەتی:**

ئەو وشە و لێکسیمانەی پەیوەندیی کۆمەلایەتی دەردەبڕن، لە کوردیدا و لە زۆربەی زمانەکانی تر، ئەو جیاوازییانە دەردەبڕن. کە چەمکی لێکسمی یان فەرهەنگییان هەیە، وەك وشەکانی (دایك و باوك، خوشك و برا، ژن و مێرد، بووك و زاوا، خەسوو و خەزوور ...هتد). ئەم وشانە پێویستیی فەرهەنگین و زمان ناکرێت لێیان بێبەش بێت. ئەوەی سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە چەمکی جێندەری لەم جووتە وشانەدا هەمیشە ڕەگەزی مێ لەسەرەتادا دێت و دواتر وشەی ڕەگەزی نێر. لە کوردیدا ناگوترێت (زاوا و بووك، مێرد و ژن، براو و خوشك، خەزوور و خەسوو ...هتد)، لەم ڕیزبەندەدا ڕەگەزی مێ لەسەرەتادا هاتووە. ئەوەی زیاتر سەرنجڕادەکێشێت، ئەوەیە بە پێی سیستەمی ڕێزمانی زمانی کوردیی لە کاتی لێکدانی دوو وشەی بڕگە جیاواز، ئەو وشەی کە ژمارەی بڕگەکانی کەمترە لەسەرەتادا دێت و دواتر وشەکەی تر. بۆ نموونە ( ئاو و هەوا، جڕ و جانەوەر، شان و شەپك، دۆست و دوژمن...هتد) لە هەموو ئەو بارانەدا دەبینین، کە وشە بڕگە کەمەکە لە سەرەتا هاتووە وەك دۆست یەك بڕگەیە و دوژمن دوو بڕگەیە. کەچی لە خوشك و برا پێچەوانە بۆتەوە سیستەمی جێندەریەکە پیادەکراوە، کە ڕەگەزی مێ لەسەرەتادا بێت. تەنیا لە جووتە وشەی (خاڵ و مام) دا ئازادی بەکارهێنان هەیە، کە هەردوو وشە بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێن، بۆیە ئاساییە بگوترێت ( مام و خاڵ) یان (خاڵ و مام).

لە پاڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێك وشەی تر هەن، کە بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێن، وەك ( هاوسەر، دەسگیران، برادەر، هاوژین. پور یان پلك...هتد)، کە چەمکی جیاوازی جێندەریان تێدا نییە ئەوەی مایەی سەرنج و تێڕامانە، ئەوەیە کە کۆمەڵێك چەمکی یەکسانی لەو وشانەدا بە بارکراوی بەدی دەکرێن. بۆ نموونە:

أ- دەسگیران یان دەزگیران. بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە قۆناغی پێش هاسەرگیری بەکاردێت. هەردووکیان بە یەکتری دەڵێن (ئەوە دەسگیرانمە).

ب- وشەی پور یان پلك بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ خوشکی (دایك و باوك) بەکاردێت بە خوشکی دایك و خوشکی باوك دەگوترێت پور. هەروها وشەی خەسوو و خەزوور بۆ دایك و باوکی هەردوو ڕەگەز (ژن و مێرد) وەکو یەك بەکاردێت.

وشەی (کچ و کوڕ) هەمان وشەی فەرهەنگیی فیزیکین گوازراونەتەوە بۆ بواری پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان، بۆ نموونە کچ وەکو پەیوەندیی کۆمەلایەتیی نێوان باوك و ڕۆڵەی مێینە دایە، واتە

به واتای daughter دێت، لەلایەكی تریشەوە وەك مێینەیەك كە لە قوناغێكی دیاریكراوی تەمەندایە و شووی نەكردووە. بە واتای girl دێت. دەشێت ئەوەش وا لێكبدرێتەوە كە لەو پەیوەندییە خێزانییە بە پێویست نەزانراوە، كە وشەی تایبەت بۆ ئەو جیاوازییە جێندەرییە دروست بكرێت و لێك جیابكرینەوە، بەڵكو هەمان وشەی فەرهەنگی ڕەگەزی بۆ بەكاردێت. لە پاڵ ئەوەشدا وشەی منداڵ بۆ هەردوو ڕەگەز بەكاردێت.

ج- وشەی ئامۆزا و پورزا و خاڵۆزا و میمكزا بۆ هەردوو ڕەگەز بە یەكسانی بەكاردێن.

**٨. ٢. ٢: ناوی پیشە:**

ئەگەرچی لە كوردیشدا هەندێ ناوی پیشەی تایبەت بە ئافرەت هەیە لە زمانەكەدا لەوانە وشەی (كابان) كە تایبەتە بە ئافرەت. بەڵام لە ڕووی پێكهاتەی وشەكەوە ئەگەر سەیری بكەین واتایەكی ئیجابی تێدایە و بە واتای گەورە یان سەرۆكی ماڵ دێت (كەی+بانوو)، بەڵام ناوەكانی تری پیشە بە یەكسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەكاردێن. (قسەكەر، پارێزەر، ئەندازیار، پۆلیس، كرێكار...هتد). هەرچەندە لە وشەی دكتۆر بۆ ئافرەت كاریگەری زمانی عەرەبی بەسەر كوردیدا دیارە و بۆ دكتۆری ئافرەت وشەی (دكتۆرە) وەك عەرەبەكان بەكار دەهێنرێ و پاشگری (ە) مێینە بۆ كۆتای وشەكە زیاد دەكرێت، بەڵام ئەوە بەشێك نییە لە زمانی كوردی. سەرەتا بۆ موعەلیمی عەرەبی وشەی مامۆستا لە (مام+وەستا) داتاشرا بۆ معلمەش وشەی (پور+وەستا) دروستكرا (قەیس كاكل، ٢٠٠٠، ١٢). ئەوەی جێگای سەرنجە لە ڕووی وشەسازی و لە ڕووی سیمانتیكەوە وشەی پۆرۆستا هیچ گرفتیكی نییە، بەڵام بلاَونەبووەوە و هەر بە مردووی لە دایك بوو. بە بڕوای ئێمە یەكێك لە گرنگترین هۆكارەكانی بلاونەبوونەوە و مردنی ئەم وشەیە هۆكاری كولتووری بووە. كورد بە یەكسانی بۆ هەروو ڕەگەزی نێر و مێ وشەی مامۆستای بەكارهێناوە.

**٨ .٢ .٣: مرۆڤناو**

لە زمانی كوردیدا مرۆڤناو لە دوو شێوەدا دەبینرێ (ناوی دێرین) و (ناوی هاوچەرخ). لە ناونانی دێریندا ناوی نێر و مێ بە تەواوی جیاواز بوو بە شێوەیەكی گشتیش ناوەكان عەرەبی و ئاینی بوون لە منداڵەكان دەنران، بەڵام دوای ئەوەی كە هەستی نەتەوایەتی و هۆشیاریی كۆمەڵایەتی لە دوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە لەگەشەكردندا بوو شانبەشانی گەشەكردنی هەستی نەتەوایەتی و گەشەكردنی ڕۆشنبیری شەپۆلێكی فراوان لە گەڕانەوە بۆ ناوی كوردیی دروست بوو (قەیس كاكل، ٢٠٠٦، ١٢). لەوكاتەوە تا ڕاپەڕین بە شێوەیەكی گشتی لەسەر بنەمای واتا ناو بۆ منالْ هەڵدەبژێررا. ئەویش بەم شێوەیە:

أ ناوی كچ: لەسەر ئەو بنەمایانە دادەنرا كە واتای جوانی و ناسكی و ناز و گوڵ و سروشت بگەیەنێت. وەك: (بەهار، نەورۆز، گوڵاڵە، نەسرین، شلێر، بەناز. نازدار...هتد)

ب- ناوی كوڕ : لەسەر بنەمای ئەو واتایانە دیاری دەكرا كە چەمكی شۆڕش و خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی داگیركەران هەڵدەبژێررا، وەك ( سەفین، دلێر، ئازاد، ڕزگار، هەڵگورد، ...هتد).

ئەگەرچی لێرەدا جیاوازیی جێندەری بەدی دەكرێت، بەڵام بەو شێوەیە نییە سێكسیزم بنوێنێت، بەڵكو ڕێزگرتن و نازكێشان و ناسكی دەنوێنێت، چونكە واتا زمانییەكانیان ئەو چەمكانە دەبەخشن.

لە دوای ڕاپەڕینەوە ئەگەرچی ئەو بنەمایەی ناونان ماوە بە ڕێژەیێکی فراوان بەکاردێت، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش لە بواری ناونان لە کوردیدا دروست بووە، کە جیاوازییە جێندەرییەکان ناهێڵێت. ئەویش ئەوەیە کە ڕێژەیەکی زۆری ناو بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێن (قەیس کاکل، ٢٠٠٦، ٧). بۆ نموونە ناوەکانی (هێمن، ئارام، نەورۆز، کوردە، ئاوات، ئارەزوو، هیوا، سامان، پەڕلەمان..هتد)، لەکوردیدا بەدی دەکرێن. سەرەڕای ئەوەش کۆمەڵێك ناوی تازەبابەت لە زمان و نەتەوەکانی تر هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، کە چەمکی نێر و مێی تێدا نییە و واتاکانیان ڕوون نین، تەنانەت لە فەرهەنگە کوردییەکانیش بە ئاسانی واتاکانیان نادۆزرێتەوە. وەك (ڤەرسین، سەوەر، ڕیڤار، ژاڤین، سازار، ڕۆڤیدیا...هتد). ئیتر ئەمانە هەمووی ئاماژەن بۆ کەمیی جیاوازیی جێندەری یان بەلای کەمەوە ئاراستەیەك لە ناوناندا هەیە، کە جیاوازیی جێندەری بە هەند وەرناگیرێت و فەرامۆش کراوە.

### ٨ ٢. ٤: ئاوەڵناو:

ئەگەرچی لە ڕووی ڕێزمانەوە ئاماژەمان بە ناو و ئاوەڵناو کرد، کە جیاوازیی جێندەریان تێدا نییە و بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێن. لێرەوە لە ڕووی واتاوە ئاوەڵناو شیدەکەینەوە. ئاوەڵناوەکان لە زمانی کوردیدا بەیەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێن، ئەو جیاوازییە جێندەرییە لە نێوانیاندا نییە. ئەگەرچی جاران لە کوردیدا جیاوازیی لە نێوان ئاوەڵناوی قۆز و جوان هەبوو، کە قۆز بۆ کوڕ و جوان بۆکچ بەکاردەهات، بەڵام ئێستا ئەو جیاوازییەش نەماوە ئاوەڵناوی جوان بۆ هەردوو ڕەگەز بە یەکسانی بەکاردێت.

### ٨ ٢. ٥: هەندێ وشە و لێکسیمی تر.

أ- دڵدار و دلبەر.

وشەی دڵدار بۆ نێر بەکاردێت لە ڕووی ڕێزمانییەوە لە (دڵ+دار) داتاشراوە، (دار) بەواتای خاوەن هاتووە. واتا خاوەن دڵ، وەك: پارەدار، بەردار. وشەی (دلبەر یان دولبەر) لە (دڵ+بەر) هاتووە (بەر) ڕەگی وشەی (بردن)ە. واتا ئەو کەسەی کە (دڵ) دەبات. لە ڕووی جیاوازیی جێندەرییەوە ئەگەر سەیری ئەو وشەیە بکەین دەبینین (دلبەر) ناوی بکەرە و ڕۆڵی subject دەبینێت، واتە کچەکە بکەرە بکەریش خاوەنی هێز و دەسەڵاتە. بە پێچەوانەی زمانی عەرەبی کە وشەی (معشوق) دەبێتە بەرکار object لە زمانی کوردیدا لە پەیوەندیی خۆشەویستیی کچ بکەرە و خاوەنی بڕیار و دەسەڵاتە.

ب- مێرد کردن، بەمێرددان و ژنهێنان

لە وشەی مێرد کردن کە کچ دەڵێت (مێرد دەکەم) یان (مێردم کرد). ڕۆڵی بکەری دەبینێت، پرۆسەی مێرد کچەکەیە دەیکات چ وەك ڕۆنانی ڕێزمانی یان وەك چەمکی سیمانتیکی، بەڵام لە وشەی بەمێرددان کچ دەبێتە بەرکار ئەو کاتەش ئەوەی کە ڕۆڵی بکەری دەبینێت خانەوادە یان باوکی کچەیە. لێرەدا لە ڕووی دەسەڵاتەوە وێنەیەکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی دەنەخشێنێت، کە بەرامبەر بە مێردەکەی لە ڕوانگەی خۆیەوە دەبێتە بکەر، بەڵام لە ڕوانگەی خێزانەکەیەوە دراوە بە مێرد و بۆتە بەرکارێکی ناڕاستەوخۆ (بە مێرددان) نەك بەرکاری ڕاستەوخۆ. لە وشەی (ژن هێنان) کوڕەکە دەبێتە بکەر، گەر کوڕەکە خۆی بێت کە (ژن دینم) یان وەکو کچ دەبێتە بەرکاری ناڕاستەوخۆ گەر لە ڕوانگەی خێزانەکەیەوە بێت، (ژنی بۆ دینن). ئەوەی جێگای سەرنجە لەم بارەدا

هەردووکیان بکەرن کوڕ بکەری کاری (هێنانە) و کچیش بکەری کاری (کردن)ە، ئەگەر لە واتای وشەکە ڕابمێنین، بەرکاری وشەی (هێنان) پێشتر هەبووە وەکو بوون. بۆ نموونە کە دەگوترێت کتێبەکەم هێنا. کتێبەکە کە بەرکارە بوونی هەبووە ئەرکی بکەر تەنیا گواستنەوەیەتی. هەر بۆیەش زاراوەی (بوك گواستنەوە) بۆ ئەم ڕێوڕەسمە بەکاردێت. بەڵام بکەری کاری (کردن). کە کچەکەیە و بەرکار (مێرد)ە کاری کردن لە ڕووی بونەوە پێشتر بوونی نەبووە، بەڵکو بکەرەکە دروستی کردووە. ئەوەی پڕۆسەی مێرد دروست دەکات کچەکەیە. واتا لەو بارەدا هێزی بکەر بوونی کچەکە لە هێزی بکەری کوڕەکە زیاترە. ئەوەی زیاتر سەرنج ڕادەکێشێت، ئەوەیە کوڕ نەبۆتە مێرد، بەڵکو وەك بەرکارێك وایە و کچ بکەریەتی و دەیکات بە مێرد. لە ڕووی زمانەوە (مێرد+کردن)  کچ بکەرە مێرد بەرکارە. واتە وەك چەمکە واتاییەکەشی کوڕ نابێت بەپیاو (مێرد) تا بکەری ژن  نەیکات بە پیاو. مێرد بە واتای پیاو دێت وەك (پیرەمێرد = پیرەپیاو). ئەوەی زیاتر پەیوەندی بە یەکسانیی جێندەرەوە هەیە، ئەوەیە کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆ هەردوو وشە ژنهێنان و مێرد کردن وشەی (هاوسەرگیری) بەکاردێت. کە ئەوەش یەکێکە لەو گۆڕان و وشە زیاد بوونانەی کە لەم دواییەدا لە کوردیدا دروست بووە و بە یەکسانی بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێت. وشەی (شووکردن) و (بە شوودان) هەر هەمان چەمکی مێرد کردن دەگەینێت و لە زمانی ئێرانیدا وشەی (شوهر) بە هەمان واتا بەکارهاتووە.

ج- ژن و ئافرەت:

وشەی ژن مێژوویێکی کۆن و دوور و درێژی هەیە، هەڵگری کۆمەڵێك واتای سلبی بوو ڕەنگدانەوەی جیاوازیی جێندەری و باری سێکسیستی لەم وشەیەدا بەدی دەکرا. بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم وشەی (ئافرەت) لە زمانی کوردیدا پەیدابوو. شیکردنەوە و لێکدانەوەی واتا بارکراوەکانی ئەم دوو وشەیە نەخشەیەکی ڕوونی جیاوازیی جێندەری و ئاراستەی زمانی کوردیی و تێڕوانینی کۆمەڵی کوردیی بۆ جیاوازیی جێندەری دەخاتەڕوو، باوەڕمان بەو بۆچوونە زمانەوانییە هەیە، کە ناشێت دوو وشە بە تەواوی هاوواتابن (احمد مختار، ١٩٨٢، ٢٢٨)  و هەمان بەکارهێنانیان هەبێت و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەیەکەوە بمێننەوە. چونکە بوونی هاوواتا دیاردەیەکی قورسە لەسەر شانی زمان بە تێپەڕبوونی کات یەکێك لە وشەکان زاڵ دەبێت و ئەوی تر بەرەو لەناوچوون دەچێت یان هەریەکەیان تایبەتمەندییەکی جیاوازیان دەبێت و واتای جیاواز لەخۆدەگرن، بەو شێوەیە هەردووکیان دەتوانن بمێننەوە. هەر لەم سۆنگەیەوە دەتوانین جیاوازیی نێوان واتای بارکراوی ئەم دوو وشەیە بەم شێوەیە بخەینەڕوو.

یەکەم: وشەی ژن بە هۆی کۆنیی تەمەنەکەیەوە بۆتە هەڵگری هەموو ئەو چەمکە سلبییانەی کە بە درێژایی قۆناغی دەرەبەگایەتی بۆ ژن دروستکراوە، بەڵام وشەی ئافرەت کە وشەیەکی نوێیە. لە سەردەمێکدا پەیدا بووە کە سەردەمی بڵاوبوونەوەی بیری شۆڕشگێڕی و مارکسیزم بوو. سەردەمی یەکسانیی ژن و پیاو بڵاوبوونەوەی خوێندەواری بوو. هی سەردەمێك بوو کە داوا لە ئافرەت دەکرا بێتە کۆڕی ژیان و شانبەشانی پیاو خەبات بکات. بۆیە دەبینین وشەی ئافرەت چەمکی سلبی و قۆناغی دەرەبەگایەتی لە واتا بارکراوەکانیدا نییە (قەیس کاکل، ٢٠٠٠، ٨٠- ٨٣). بۆ نموونە: کە دەگوترێت. ڕەنگێکی ژنانەیە  یان قوماشێکی ژنانەیە، ڕەنگێکی ئافرەتانەیە  قوماشێکی ئافرەتانەیە. هەست دەکرێ

واتای بارکراوی ژنانە لێرەدا سلبییە، بەڵام ئافرەتانە واتای ناسکی و جوانی و بە سەلیقەیی دەگەیەنێت. دەشێت بەڵگەی زیاتر بۆ جیاوازیی چەمکی بارکراوی ژن و ئافرەت بهێنینەوە، بۆ نموونە:

- هەرچی جوێن و توانج و تەشەر هەیە لەگەڵ وشەی ژن دێت و وشەی ئافرەت ڕێز و پایەیێکی گەورەی لە زماندا هەیە و وشەی تابۆی لەگەڵ بەکار نایەت.

- هەموو ئەو ئیدیۆمانەی کە واتای سلبی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ هەیە لە وشەی ژندا دەردەبڕرێن و ناشێت لەگەڵ وشەی ئافرەت بێن: بۆ نموووونە: ( دەڵێی حەمامی ژنانە) . بۆ شوێنی پڕ دەنگەدەنگ و ژاوە ژاو بەکاردێت، ئەمە ناشێت لەگەڵ حەمامی ئافرەتان بەکار بێت.

- ئیدۆمەکانی (ژنانی، وەك ژن دەنوزێتەوە. دەڵێی ژنە سەری کزکردووە...هتد)، بەڵام کە دەگوترێت ئافرەتانی ئەوا واتای ئیجابی و ناسکی و جوانی دەگەیەنێت.

- پەندەکانی پێشینان لەبەر ئەوەی لە سەردەمی زوودا دروست بوون هەموویان وشەی ژنیان تێدا بەکارهاتووە. ئەگەرچی ڕێژەیێکی زۆریان چەمکی سێکسیزم دەگەیەنن. بەڵام وشەی ئافرەت لە پەندەکانی پێشیناندا بەدی ناکرێت.

بەم پێیە دەشێت واتای بارکراوی ژن و ئافرەت بەم شێوەیە پەرت بکەین

ژن= + گرینۆك + ترسان + دەمشڕ + ئەقڵی لە کۆش ....هتد

ئافرەت= + یەکسانی لەگەڵ پیاو + ناسکی + میهرەبانی...هتد

## ٩. گفتوگۆ

ئەوەی پێویستە لەم لێکۆڵینەوەیدا بە ڕوونی گفتتوگۆی لە بارەیەوە بکرێت، ئەوەیە کە زمانی کوردیی تا چ ڕادەیەك زمانێکی سێکسیستە؟ ڕەنگدانەوەی جێندەر لە زمانەکەدا لە چ ئاستیکدایە. ئایا زمانی کوردیی تا چ ڕادەیەك بەرهەمهێنەری جیاوازیی جێندەرییە؟ ئایا تا چ ڕادەیەك بەردەوامی دەدات بەو کولتوورەی کە بە چاوێکی کەمتر سەیری ڕەگەزی مێ دەکرێت؟ ئایا زمانی کوردیی لەوهاوکێشەی نێوان هەژموونی پیاوسالاری و ژنسالاری لە کوێدا شوێنی دەبێتەوە؟ یان کام لای هاوکیشەکە لاسەنگ دەکات؟ ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن، کە وەڵامەکانیان لە ناوەرۆکی ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵدەهێنجرێت. بە شێوەیەك وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە. کە لە چەند خاڵێکدا دەیانخەینەڕوو.

١- ئەوەی لەم توێژنەوەیە دەکەویتەوە، یان ئەو ئەنجامەی دەستدەکەوێت، ئەوەیە کە لە ڕێزمانی کوردیی ناوەڕاست (کە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە) جیاوازیی جێندەری بەدی ناکرێت. تەنانەت لە هەرسێ ئاستی فۆنۆلۆژیش کە بە ئاستێکی سەرەکی زمان دادەنرێت جیاوازییەکان بەم چەشنە نیین، کە بگاتە ئاستی ڕۆنانی و سیستەمە فۆنۆلۆژییەکە بگرێتەوە، بۆ نموونە لە هەردوو ڕەگەزدا هەمان فۆنیم و سیستەمی لێکدانی فۆنیمەکان و یاسا فۆنۆلۆژییەکان پیادە دەکرێن. واتە وەك ڕۆنان لەو ئاستەشدا یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە. ئەوەی لە ئاستی فۆنۆلۆژی ئەم دوو ڕەگەزە لەیەکتر جیادەکاتەوە، چەند جیاوازییەکە کە لە شێوازی درکاندنی فۆنیمەکاندا بەدی دەکرێت (محەمەد مەعروف فەتاح، ٢٠١٠، ١٠٠)، واتە جیاوازییەکە لە بەکارهێنانی زماندایە، نەك لە ڕۆنانی زمان . بۆ نموونە. وەك: لە هەولێردا ڕێژەیەك لە ڕەگەزی مێ دەنگی /ت/ بە شێوەی قەڵەو وەك /گ/ی عەرەبی دەردەبڕن وەك: دەگانی، بەگانی، پەگاگە. لەجیاتی: دەتانی، بەتانی، پەتاتە...هتد.

٢- تەنانەت لە ئاستی واتاسازیشدا لە دانە فەرهەنگییەکاندا (لێکسیم) وەك لێکۆڵینەوەکە دەریخستووە جیاوازیی لە نێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا نییە. نموونەی بەشە ئاخاوتنەکان بە یەکسانی بەکاردێن. بەشێوەیەك کە لە هەندێ باردا ڕەگەزی مێ بایەخی لە نێر زیاترە. ئەوەی کە تێبینی دەکرێت، ئەوەیە لە ئیدیۆمەکاندا، کە بوارێکی ئاستی سیمانتیکە، ئەو جیاوازییانە بەدی دەکرێن، ئەمەش پەیوەندی بە ڕۆنانی زمان نییە، بەڵکو بەکارهێنانی زمانە. لە دوای ڕستەشەوە پراگماتیك، دەق، وەك ( پەندی پێشینان، شیعر، چیرۆك...هتد) ئەوانە بە لایەنی بەکارهێنانی زمان دادەنرێن، هەرچەندە لێکۆڵینەوەکە لەم ئاستانەی نەکۆڵیوەتەوە. بەڵام بوونی جیاوازیی لەم ئاستانەدا بە بەشێك لە جیاوازیی جێندەری لە زمان دانانرێت. بەڵکو جیاوازییە لە بەکارهێنان یان شێواز دایە ، نەك کرۆکی زمانەکە.

**١٠. زمان لە نێوان ڕۆنان و بەکارهێناندا.**

هەردوو چەمکی ڕۆنانی زمان و بەکارهێنانی زمان دوو چەمکی تەواو لەیەکتر جیاوازن. پێویستە تێڕوانینی جیاوازمان بەرامبەریان هەبێت. ئەم دوو چەمکەش لە کۆمەڵێك خاڵدا لەیەکتری جیادەبنەوە. لەوانە:

١- ڕۆنانی زمان ئەو ئاستانەپێکی دەهێنن کە بە ئاستی سەرەکی دادەنرێن. پیکهێنەرەکانی ئاستی فۆنۆلۆژی و وشەسازی و ڕستەسازین. ئەم سێ ئاستە کۆمەڵێك یاسا و ڕێسای زمانین، کە زمانەکان لەیەکتری جیادەکەنەوە. تایبەتمەندی زمان و جیاکردنەوەی زمانێك لە زمانێکی تر لەسەر بنەمای جیاوازیی سیستەمی ئەو ئاستانە دەبێت. تەنانەت خزمایەتیی زمانەکانیش لەسەر بنەمای نزیکایەتی لە نێوان ئەو ئاستانە لە یەکتری دیاری دەکرییێت و گروپ و پۆلی زمانەکان بە هۆیەوە دەستنیشان دەکرێن، بەڵام بەکارهێنانی زمان و شێوازی بەکارهێنان ئاستە لاوەکییەکان دەینوێنن وەك ئاستەکانی واتاسازی پراگماتیك فۆنەتیك..هتد. ئەم ئاستانەش بەشێك نین لە پێکهاتەی زمان، بۆ نموونە وەرگرتنی وشەی بیانی و بەکارهێنانی وشەی بیانی لە زمانێکی دیاری کراودا کار لە ڕۆنانی زمانەکە ناکات.

٢- نموونەی تری جیاوازیی ئەم دوو لایەنەی زمان دەشێت لە کۆمەڵێك ڕەهەندی تردا دەستنیشان بکرێت. وەك: گۆڕان و گەشەکردنی زمان لە لایەنی ڕۆناندا زۆر سستە و بە ئاسانی ناگۆڕێت، نموونەی ئەوە گۆڕان لە سیستەمی دەنگی یان لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان کاتێکی یەکجار زۆری پێویستە. لەبەرامبەر ئەوەدا بەکارهێنانی زمان خێراتر دەگۆڕێت ڕەنگە کەناڵێکی میدیایی یان نوسەرێکی دیار یان گۆڕانێك لە باری کۆمەڵایەتی کار لە گۆڕانی شێواز یان بەکارهێنانی زمان بکات.

٣- هەروەها سیستەمی زمان لە ژێر دەسەڵاتی تاکدا نییە و تاك پابەندە بەو سیستەمە زمانییەی کە هەیە. توانای لادانی نییە لەو سیستەمەی کە هەموو تیایدا هاوبەشن. بەڵام لە بەکارهێناندا ئەو ئازادیەی هەیە. دەکرێت هەمان سیستەمی زمانی بۆ هەڕەشکردن و توندوتیژی یان بە پێچەوانەوە بۆ خۆشەویستی بەکاربێت. لادان لەبەکارهێنانی زمان لەلای تاك نەك هەر ئاساییە، بەڵکو زۆرجار بە داهێنان لێك دەدرێتەوە، شیعر نموونەیەکی زەقی ئەو دیاردەیەیە.

٤- زمان و کولتوور. زۆر بۆچوون ئەوە دەسەلمێنن کە پەیوەندیی بەهێز لە نێوان زمان و کولتووردا هەیە و کولتوور ڕەنگدانەوەی زمانە. یان بە پێچەوانەوە زمان هەژموونی لەسەر تاکەکانی کۆمەڵ هەیە و

مرۆڤ دیلی زمانە..هتد، دەیان دەربڕینی تر بەهێزیی ئەو پەیوەندەییە دەسەلێنن. بە بڕوای ئێمەو و بە پێی ئەو بۆچوونەی لە (خالی ٩ لە جیاکردنەوەی سیستەمی زمان و بەکارهێنانی زماندا خستومانەتەڕوو) ئەوەی کە کولتوور دەگوازێتەوە یان هەژموون دروستدەکات خودی زمانەکە نییە، بەڵکو بەکارهێنانی زمانەکەیە. دەشێت چەندین بەلگە بۆ سەلماندنی ئەو بۆچوونە بهێنینەوە، بۆ نموونە. لە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵدا هەمان سیستەمی زمان بەکاردێت، ئەگەرچی چینی سەرەوە لەگەڵ چینی خوارەوە کولتووریشیان جیاوازە، یان ئەو توندوتیژییەی کە لە کۆمەڵی کوردیدا بەدی دەکرێ بەرهەمی ئەو بارە یەکسانییە نییە، کە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە کوردیدا بەدی دەکرێت. ئەگەر بەراورد بکرێ لە نێوان زمانی فەڕەنسی کۆمەڵی و فەرەنسی لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە کۆمەڵی کوردیی و زمانی کوردیی لە بواری توندوتیژی دژی ئافرەت ڕێژەی جیاوازیی جێندەریی لە زمانەکەدا ئەوا ئەنجامەکان بە شێوەی پێچەوانە خۆیان دەنوێنن. لەبەر ئەوەی لە زمانی فەرەنسیدا جیاوازیی جێندەری بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر بەدی دەکرێت، لە زمانی کوردیشدا جیاوازیی بەدی ناکرێت، کەچی توندوتیژی لە کۆمەڵی کوردیی زیاترە و لە کۆمەڵی فەرەنسی بەو شێوەیە نییە. بۆیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەوەی توندوتیژی دروست دەکات ئەوا خودی زمانەکە نییە. ئەم تێگەیشتنە پێویستی بە پێدا چوونەوە هەیە، کە لە بارەی زمان و کولتووردا دەگوترێت.

## ١١. ئەنجام.

ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشتۆتە ئەو ئەنجامانە.

١- لە ڕۆنانی زمانی کوردیدا (ستاندەری کوردیی ناوەڕاست) جیاوازیی جێندەری نییە.

٢- ئەو بۆچوونانە ڕەت دەکاتەوە، کە وشەی زمان بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنن و پێیان وایە کە زمان هەژموون لەسەر کەسێتی دروست دەکات. ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوەی سەلماندووە، کە خودی زمان یان کرۆك و پێکهاتەی زمان تەنێکی بێلایەنە و نابێتە بەشێك لە سیستەمی جێندەری، دەشێت بەکارهێنانی زمان یان شێواز ئەو ڕۆڵە بگێڕێت.

٣- لە گلۆسەریی وشەی پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان لە کوردیی ناوەڕاستدا، چەمکی سێکسیزمی تێدا نییە و ڕەگەزی مێ بەهای زیاتری هەیە.

## سەرچاوەکان:

احمد مختار، علم الدلاله، ١٩٨٢.

جەعفەر شیخولیسلامی، زانکۆی سۆران- فاکەلتی ئاداب، سمینار ی کەمپەینی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە ڕێکەوتی ٢٠١٣/١٢/٣.

جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی. بامبیرگ، ١٩٧٦.

جمال ڕشید، ڤهور الکورد فی التاریخ، جزو الاول، الگبعه الپانیه، اراس، ٢٠٠٥.

حكمت يونس محمد، التزكير و التأنيپ ڤ قواعد اللغه الكرديه، ترجمه:متى فليب البازى،دار سبيرێز للگباعه والنشر، ٢٠٠٧.

قەیس کاکل، ژن و ئافرەت لە دیدی سیما پێکهینەرەکاندا.زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٠.

قەیس کاکل، ڕەنگدانەوەی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ناوی کوردیدا، گۆڤارا زانکۆیا دهوك، ٢٠٠٦.

ك.ك. کوردۆییڤ، ڕێزمانی کوردی، وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە کوردستان موکریانی، هەولێر، ١٩٨٢.

کرستین نوردنستام، زمان لە ڕوانگەی ڕەگەزەوە، وەرگێڕانی غازی عەلی خورشید، کوردۆلۆجی، ٢٠٠٩.

محەمەد مەعروف فەتاح، زمانەوانی، زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٩٠.

محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەی شێروان حوسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، هەولێر، ٢٠١٠.

ئەورەحمان حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی – ناو، بەغدا، ١٩٧٦.

## Abstract

This paper is entitled **Sexism in Kurdish: Aspects of Grammar and Meaning.** It employs a descriptive analytical approach to handle the relation between language and gender in central Kurdish via the levels of grammar and semantics. It attempts to explain and highlight the point of whether language plays the role in contributing violence against woman, as some researchers think that. Kurdish language has no impact on this current gendered violence that can be noticed in Kurdish society.

## الملخص

هذا البحث بعنوان سێكسزم  فى اللغة الكردية: الجوانب النحوية والمعنى.انها توظف المنهج الوصفي التحليلي للتعامل مع العلاقة بين اللغة والجندر في  اللهجة الكردية الوسطى  عبر مستويات قواعد اللغة ودلالاتها  .يحاول شرح وتسليط الضوء على نقطة  ما إذا كانت اللغة تلعب دور في مساهمة العنف ضد المرأة، كما يظن بعض الباحثين . اللغة الكردية لم يلعب أي دور  لهذا العنف الجندري الحالية التي يمكن ملاحظتها في المجتمع الكردي.

### پەراوێزەکان:

[1] بۆ نموونەی ئەو تیروانینە سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

أ- ئەسرین زرار قادر، پێگەی کۆمەلایەتی ئافرەت لەبەر رۆشنایی پەندی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە،ژمارە ٣٢، ٢٠١٤، ل٧٥- ١٠٢.

ب- جەعفەر شیخولیسلامی، زانکۆی سۆران- فاکەلتی ئاداب، سمینار ی کەمپەینی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان، لە رێکەوتی ٢٠١٣/١٢/٣.

[1] - ئەم دیاردەیە لە زۆر وشەی تریشدا بەدی دەکرێت کە دەنگی /غ/ کەوتووە، بۆ نوونە (مورغی ئاوی و مەرغی هوشەك) بە واتای (باڵندەی ئاوی و باڵندەی وشکایی)  بوون   بە (مراوی و مریشك).